لە ئاسۆی هونەری جیهانی دا

پەیکەرتاشی مەزنی ئیتالی

# دۆناتێللۆ

نووسینی مێژوو نووسی ئیتالی : ڤازاری(١)
وەرگێڕانو ئامادەکردنی لە ڕووسی‌یەوە : محمد عارف

پەیکەرتاشی ئیتالی بلیمەت (دۆناتێللۆ) لە ساڵی ١٣٨٣دا لە شاری فلۆرەنسا لە دایك بووە . دۆناتێللۆ ، تەنیا پەیکەرتاشێکی مەزن نەبووە ، بەڵکو ئەندازیارو زانای پەرسپەکتیف (منظور) و مامۆستای هونەری هێلکاریش بووە .

بەرهەمەکانی دوناتێللۆ ئەوەندە دڵسوزانەو لە دڵو دەروونەوە درووست کراون ، تاپلەی ئەوەی خەڵك بەبەرهەمە نەمرەکانی هونەری یۆنانیو ڕۆمانی بەراوردیان کردوە ، یەکەم بەرهەمەکانی هونەرمەند کڵیسەی (سانتا کرۆچی) لە فلۆرەنسا ڕازاندوەتەوەو هەرلەو کاتەوە دەستی باڵای هونەریی دەرکەوتوە . ڕووداوێکی سەیر پاڵی بە هونەرمەندەوە ناوە کە پایەی هونەریی یەکجار بەرزبێتەوە . ئەم ڕووداوەش بەم جۆرە بووە : هونەرمەند پاش ئەوەی پەیکەرێکی لە داردرووست کراوی حەزرەتی عیسای تەواو کردوە ، زۆر ڕای لێ‌بووەو بەمەزەندەی خۆی بەرهەمێکی گەلێك پایە بەرز بووە ، بەرهەمەکەی بە شانازی‌وە پیشانی (برووونێللسکی) پەیکەرتاشی بەناوبانگ داوە کە نزیکترین برادەری دڵسۆزی بوو ، برووونتیللسکی بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری کردوە . پاش ئەوەی دۆناتێللۆ زۆری لێ‌کردوە بۆ ئەوەی ڕای خۆی دەربڕێ ، وتوویەتی : (تۆ حەزرەتی عیسات درووست نەکردوە ، تۆ مرۆڤێکی ساکارت درووست کردوە) . دوناتێللۆ ئەو قسەیەی زۆرپێ ناخۆش بووەو وەڵامی برادەرەکەی داوەتەوەو پێ‌ی‌گوتوە : (بەڵێ . ئەگەر پەیکەرتاشی‌ی وەك ڕەخنەگرتن‌سووكو ئاسان‌بێ ، ئەوکاتە تۆش پەیکەرەکەی منت وەك حەزرەتی عیسا دەهاتە بەرچاو ، بەڵام گەر تۆ پەیکەرتاشی فەرمو ئەو دارە هەڵگرەو پەیکەرێکی لێ درووست بکە) . برووونێللسکی بەبێ دەنگی دارەکەی هەڵگرتو بەرەو

دۆناتێللۆ. پۆرتریتی گاتامیلاتا ١٤٤٦ - ١٤٥٣ پادوا





دۆناتێللۆ . پەیکەری فریشتەیەك ١٤٣٥ فلۆرەنسا

ستۆدیۆکەی ڕۆیی . برووونێللسکی بۆ ماوەی چەند مانگێك شەوو ڕۆژ خەریکی درووست کردنی پەیکەرەکەی بوو ، تا گەیاندییە پلەیەکی هەرە بەرزو ئاستێکی یەکجار بلندی هونەریی . هونەرمەند پاش چەند ڕۆژێك چووە ستۆدیۆی دۆناتێللۆو بانگی کرد بۆ ئەوەی پێکەوە نانی بەیانی بخۆن ، هونەرمەند داوەتەکەی قەبوول کردو پێکەوە گەڕانەوە ستۆدیۆی برووونێللسکی .

برووونێللسکی ئەو خواردنانەی لە ڕێگا کڕیبووی دایە دەستدۆناتێللۆو پیّ ی گوت : تۆ بڕۆو من ئەوەندەم پیّ ناچیّ لە دواتم . دۆناتێللۆ کە دەرگای ستۆدیۆکەی بڕووونێللسکی کردەوە ، پەیکەرێکی ئەوەندە جوانو دڵگیرو ڕێكوپێکی دیی ، واق ووڕماو حەپەساو خواردنەکەی لە دەست بەربۆوە ، لەو کاتە بڕووونێللسکی هاتە ژوورەوەو دۆناتێللۆی بەم حاڵە دییو لیّ ی پرسی : ئەوە چیتە ؟ دۆناتێللوی شەیدای ئەم پەیکەرە وەڵامی دایەوەو گوتی : (بەراستی خوا منی درووست کردوە پەیکەری پیاوی ئاسودەو ساکار بکەم و تۆشی درووست کردوە پەیکەری حەزرەتی عیسا بکەی) . لەو ڕۆژەوە بڕیاریدا کە بەشێوەیەکی دڵسۆزانەو قوولتر ئاستی هونەریو پایەو ستاندارتی خۆی زۆر بەرزتر بکات .

هونەرمەند پاش قۆناغی باسکراو ، لە چەند پرۆژەیەکی پەیکەر تاشیو ئەندازەیی ئیشی کردوەو لە چەند دەزگایەکی بازرگانی داوای پەیکەریان لیّ کردوە . لەو کاتەی لە دەزگایەك ، بۆ ماوەی چەند مانگێك دڵسۆزانە لە پەیکەرێکی ئاینی ئیشی کردوەو پەیکەرەکە لەسەر خاك درێژکرابوو ، کاربەدەستان داوایان لیّ کردوە کە ئیشەکە ڕابگریّ ، چونکە چ پەیکەرتاشێك بەم شێوازە پەیکەری نەکردووە . هونەرمەندی مەزن داوای لە کاربەدەستان کردووە ماوەی بدەن ئیشەکە تەواو بکاتو پاش دوو حەفتە پەیکەرەکەیان تەسلیم بکات . بەم جۆرە پەیکەرەکەیان بەشێوەیەکی ستوونی ڕاگرتوەو هونەرمەند دەوروبەری بە پارچە کوتاڵێك گرتووەو وای پیشان داوە کە ئیشی تێدا دەکا بەڵام لەڕاستیدا هیچ ئیشی تێدا نەکردوە . پاش دوو حەفتە بانگی کاربەدەستانی کردوەو پەردەیان لەسەر پەیکەرەکە هەڵگرتووە ، کە چاویان پیّ کەوتوە زۆر ڕایان لیّ بووەو بەشانازییەوە پەیکەرەکەیان وەرگرتووەو ماڤی خۆیان داوەتیّو خەڵاتیان کردوە . هەرلەم قۆناغەدا دۆناتێللۆ دوو پەیکەری بەناوبانگی درووست کردووە ، یەکەمیان : (گیورگی بە جلكو بەرگی جەنگەوە) ، دووەمیان : پەیکەری (یودیف)ی پاڵەوانە کە شێوەی (مەنوومێنتی گۆڕەپانیی) دامەزراوە پەیکەری (داڤید) کە سیمڤۆلی قارەمانیی نەتەوایەتی – بەرجەستە دەکات هەمیشە دەگەڕێتەوە قۆناغی باسکراو .

لەوکاتەدا میری ڤینیسیا ، بانگی هونەرمەندی کردوەو داوای لیّ کردوە پەیکەرێك بۆ (گاتامیلاتا)ی پاڵەوان درووست بکات . هونەرمەند گاتا میلاتای بە سواری درووست کردوەو لەسەر سەکۆیەکی بەرز لە گۆڕەپانی (سانت ئەنتۆنیۆ) لە شاری (پادوا) بڵند بووەتەوە .

دانشتوانی شار یەکجار زۆر ڕایان لەم پەیکەرە بووەو بەکۆمەڵ تکایان لە هونەرمەند کردوە کە لە شاری پادوا بژییو هەر ئارەزوویەکی هەبیّ بۆی جیّبەجیّ بکەن . بەڵام پەیکەرتاشی مەزن پاش تەواو کردنی چەند پرۆژەیەکی




دۆناتێلۆ . پۆرتریتی هونەرمەند

هونەری . ئەم شارەی بەجێ ‌هێشتووەو زۆر سوپاسی کاربەدەستانو دانشتوانی کردوەو گوتویەتی :
(ئێوە ئەوەندە بە شانو بەهۆتان هەڵدام و مەدحتان کردم و رێزتان گرتم ، ئەگەر زیاتر لە ناوتان بمێنمەوە لە خۆشیان هونەرم لەبیر دەچێتەوە) . دوناتێللۆ بێجگە لەوەی هونەرمەندێکی مەزن بوو ، مرۆڤێکی چاوتێرو بەرەحم بووە ، ئەوەندەی بایەخی بە برادەرەکانی داوە ، ئەوەندە بایەخی بە خۆی نەداوەو پارەو پوول لای ئەو هیچ نرخێکی نەبووە ، بۆیە ئەو پارەی کە بەدەستی دەکەوت لە ناو زەمبیلێکی دانابوو کە بە داوێك لە ناوەندی ماڵەکەی هەڵواسرابوو ، رێگاشی بە قوتابیو برادەرەکانی دابوو لە کاتی دەست کورتی و پێویستیدا بەئارەزووی خۆیان لەو پارەیە هەڵبگرن . هونەرمەند لە کاتی پیریدا ، لە ژێر چاوەدێری (میر کوزیمو)دا بووەو مووچەی بۆ براوەتەوە . کە تەمەنی گەیشتوەتە هەشتاو چوار ساڵ زۆر بێ‌هێزبوەو کەلکی بەرهەمی تازەی نەماوە . هونەرمەندی مەزن لە رۆژی ١٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٤٦٦دا کۆچی دوایی کرد. لە سیریمۆنیای ناشتنیدا کۆمەڵێکی یەکجار زۆر لە نیگارکێش و پەیکەرتاش و ئەندارپارو رۆشنبیران بەشداریان کردوەو شاعیرەکان بەچەند زمانێکی جیاواز هەڵبەستیان بۆ داناوەو دڵتەنگیو کارەساتی مردنی هونەرمەندیان دەربڕیوە . بەگوێرەی وەسیەتی خۆی لە تەنشت گۆری (میرکوزیمو) لە کلێسەی (سان لۆرێنجو) بەخاك سپاردراوە .

(١) مێژوو نووسی ئیتاڵ بەناوبانگ ژۆرژۆ ڤازاری یانو بەرهەمی پەیکەرتاشو نیگارکێشو ئەندازیارەکانی ئیتاڵ لەکاتی رنسانسدا نووسیوەتەوە بۆ خۆی هاوچەرخی ئەوان بووە.

# ئاواز و گۆرانی ی

بەشی یەکەم

مۆسیقا پەیوەندیەکی گیانی بەگیانی بەتینی هەیە لەگەڵ هۆنراوەدا ، گۆرانیش . . لە ئاوێتە بوونی مۆسیقاو هۆنراوە پێك هاتووە ، کە هەردوکیان دەربڕینی ناخی دەرونی مرۆڤایەتیە . بۆیە گۆرانی کارێکی راستەو خۆی هەیە بۆ دەرونی گوێگر بە پێ‌ی ئەو مانایەی کە هەیەتیو لەو سەردەمەی تیادادەوترێ .
گۆرانی وەك چەندەها جار ووتراوە ، ئاوێنەی کۆمەڵە لە هەر سەردەمێك دابێت ، لەبەر ئەوە هەمیشە لایەنێکی گەورەیە لە سەنگاندنی هەر میللەتێك و پێوەرێکی ناسکە بۆ چاندنی رەوشتی بەرزو خاوێنی هەستی مرۆڤ . . ئەمەش لەم لایەنانەی خوارەوە رەنگ دانەوەی خۆی دەنوێنێ :

١ – هۆنراوە
٢ – ئاواز
٣ – بەجێ‌ هێنانی لایەنی پراکتیکی خاڵی یەکەمو دووەم + گەر بمانەوی لە هۆنراوەی گۆرانی کوردی بکۆڵینەوە کە یەکەم لایەنە . . ئەوا پاش گوێ ‌گرتن لەو گۆرانیانە کە لە کۆنەوە هەتا ئێستە ووتراون ئایا بە هۆی تۆمارکەرەوە گوێ‌ی لێ‌بگرین یان راستەوخۆو دەماودەم ، جا چ گۆرانی فۆلکلوری بێت یاك میللی یان دانراویان تازە ئەوا بە ئاسانی ئەتوانین جۆری ئەو هۆنراوانە